

یەکشەممە 2010/9/5
ژمارە 294

# ڕۆناڵدینهۆ و ئیبرا بەیەک گەیشتنەوە



ڕۆناڵدینهۆ و ئیبراهیمۆفیچ که پێش ئەوەی بچنه یانەی میلان، هەردووکیان له یانەی بەرشلۆنه یارییان کردووه، ئیبرا بەرلەوەی بچێته سانسیرۆ، ڕایگەیاندبوو که زۆر دڵخۆش دەبێت ئەگەر له میلاندا لەگەڵ ڕۆناڵدینهۆ یاری بکات و ئەمەی به هیوایەکی گەورەی خۆی زانی، هێندەی نەبرد ئەو هیوایەی هاتەدی و ئێستا هەردووکیان له سانسیرۆن، له بەرامبەردا ڕۆناڵدینهۆش خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی که ئیبرا چۆته یانەکەی و هیوای خواست که ئەو یاریزانه یارمەتیدەریان بێت، بۆئەوەی ڕۆناڵدینهۆ یەکەمین نازناوی خۆی له میلان بەدەست بێنێ.

# مانوێل: دەزانین چۆن مامەڵه لەگەڵ مان یونایتد بکەین

له لێدوانیدا بۆ تیروپشکی گروپەکانی خولی یانه پاڵەوانەکانی ئەورووپا، مانوێل پۆرینتی سەرۆکی یانەی ڤالانسیا خۆشحاڵیی خۆی به ئەنجامی تیروپشکەکه دەربڕی و گوتی: ئێمه له وەرزەکانی ڕابردوودا، شارەزاییمان هەیه لەسەر یانەی مانچستەر یونایتد، له ڕووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ مانچستەر دەزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و له گروپەکەی خۆشمان ناترسین.

# کۆتینهۆ و پاتۆ له ئیتاڵیا قسه لەگەڵ یەکتری ناکەن!

## کۆتینهۆ: پاتۆ لەدەرەوەی یاریگاش کوڕێکی ڕەوشت بەرزه

هاوکات لەگەڵ چوونی کۆتینهۆی بەڕازیلی بۆ ریزی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی، ڕۆژنامەکان ئەوەی بڵاوکردەوه که کۆتینهۆ و پاتۆی یاریزانی میلان ڕقیان لەیەکتر دەبێتەوەو تەنانەت ئەگەر له شوێنێک ڕووبەرووی یەکتر بوونەوه ئەوا قسه لەگەڵ یەکتری ناکەن و ئەمەش بۆ دوو یاریزانی بەڕازیلی جێگەی شەرمەزارییه که له دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان قسه لەگەڵ یەکتر نەکەن، کەچی کۆتینهۆ ئەم هەواڵانەی به درۆخستەوەو ڕایگەیاند که پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پاتۆدا هەیه. کۆتینهۆ دەڵێت: یەکەمجار که چوومه ئیتاڵیا له چێشتخانه پاتۆم بینی و زۆریش قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد، پاتۆ یاریزانێکی زۆر باشه نەوەک هەر له ئاستبەرزی بەڵکو ڕەوشتیشی له دەرەوەی یاریگاکان زۆر بەرزه، کوڕێکی سادەو ساکاریشه، هیواخوازم له مۆندیالی 2014 بەیەکەوه له هەڵبژاردەی بەڕازیلدا یاری بکەین.



# ڤان دێرسار پەشیمانی دادت نادات

ئیدوین ڤان دێرساری گۆڵچیی یەکەمی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، پەشیمانی خۆی دەربڕی لەوەی پێش مۆندیال وازی له یاری کردنی نێوەدەوڵەتی هێناوه، ئیدوین دەڵێت: هەموو شتێک له ژیان پێویستی به بڕیاردان هەیه، هەندێ جار لێی پاشگەز دەبیتەوه و هەندێ جاریش سووردەبیت لەسەری، زۆر بەختەوەر دەبووم ئەگەر هۆڵەندا نازناوی مۆندیالی بەدەست هێنابوایه، بەڵام ئەوکات گرنگترین پاڵەوانێتیم لەدەستدەدا که له مێژوومدا تۆماربکرابایه، ئێستا پەشیمانم که ئەو بڕیارەم پێش مۆندیال دابوو.



# مۆرینهۆ داوا له جەماوەری ڕیال دەکات له ماڵەکانیان بێنه دەرەوه

جۆزی مۆرینهۆی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید داوای له جەماوەری یانەکەی کرد له ماڵەوه دانەنیشن و زیاتر پشتیوانییان بکەن، مۆرینهۆ دەڵێت: پێویسته ئەو جەماوەره لێمان نزیک بن، داوایان لێدەکەم له ماڵەکانیان بێنه دەرەوه و هانی تیپەکەیان بدەن و پشتیوانمان بن له بەدەستهێنانی ئەو نازناوانەی له وەرزی تازەدا کاریان بۆ دەکەین، بۆیه هاتنی ئەوان بۆ ئامادەبوون له یاریگا زۆر گرنگ و پێویسته.